
شانۆنامەی

# پەیکەری دایک



نووسەر :

# ئالان ئایکبۆرن

وەرگێران بە زمانی کوردی:

## ڕەحمان عەزیزی

پوختە

ئالان ئایکبۆرن شانۆنامەنووسێکی خاوەنی چەندین خەڵاتە، شانۆنامەکانی لە وێست ئێند و لە برۆد وەی و جیهان بینراون.

ئالان ئایکبۆرن وەک زۆرێک لە شانۆنامەنووسانی هاوچەرخی ئینگلیزی و غەیرە ئینگلیزی زمان، لە کوردستان تا ئێستا بە نادیاری ماوەتەوە.

هیوادارین ئەوەی لەم بابەتەدا خراوەتەڕوو، ببێت بۆ ناساندنی شانۆی ئالان ئایکبۆرن هەروەها هەندێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی.

ئالان ئایکبۆرن لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری لەندەن لەدایکبووە. چالاکیەکانی زیاتر لە بواری نووسین و دەرهێناندایە. ئاکبۆرن کەسایەتییەکی دیارە، دروستکەری چەندین بەرهەمی شانۆی فارس و کۆمیدیایە، هەروەها ڕەخنەگەرێکی تیژ لە داب و نەریت و شێوازی ژیانی گەڕەکەکانی لەندەنە.

**کەسایەتییەکان، کارەکتەرەکان:**

**لوسی،**

**ڕۆزماری،**

**تێری**

**شوێنی دیمەنەکە:** ژووری میوانەکەی ماڵی لوسی. ژوورێکە ڕەنگ و بۆنی ناشارستانییە، کەم تا زۆر نارێک و نیشانەی شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵانی بچووکی لەسەرە. ژوورەکە دوو دەرگای هەیە - یەکێکیان دەچێتە چێشتخانە و پشتەوەی ژوورەکە، ئەوی تریان دەچێتە ژووری نووستن و دەرگای پێشەوە. لوسی بەپەلە لە ژووری نووستنەکە دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بچێتە چێشتخانە. نارێک و بێ ماکیاژ، پێی ڕووتە و بیجامەی لەبەردایە.

لوسی: (بۆ ئەو کەسەی لە پشتیەوەیە)

نیکلاس! لە ژوورەکەت بمێنەرەوە و کارت بە سارا نەبێت.

(تەلەفۆنەکە زەنگی لێدەدات. لوسی دەچێتە چێشتخانە، یەکسەر دەگەڕێتەوە بە پەرداخێک ئاوەوە)

زۆر باشە جامی، کۆرپە کەم، ئەوە دایە ببیە دەهێنێت ...

(لە کاتێکدا بەلای تەلەفۆنەکەدا تێدەپەڕێت، مۆبایلەکە هەڵدەگرێت و ساتێکی دیکە لە شوێنی خۆیدا دادەنێت)

زۆڕ باشە جامی گیان دایە دێت ،جامی دایە خەریکە دێت.

(لوسی بە پەرداخێک ئاوەوە دەچێتە ژووری نووستنەکە. درگاکە لە پێشەوە زەنگۆڵە پێوەیە کاتی هاتووچو دەنگێکی ڕیتمیی دەدات . زەنگی دەرگاکە دووبارە لێدەداتەوە. لوسی لە ژووری نووستنەکە دێتە دەرەوە).

لوسی: سارا! تۆ زۆر خراپیت، کچێکی شەیتانی. پێم گوتی دەست لە شووشەکەی جامی مەدە. ئەوە ددان شۆرەکەی جامییە ...

(دیسان دەنگی دەرگاکە دەبیسترێتەوە. لوسی پشتگوێی دەخات و دەچێتە چێشتخانە. یەکسەر بە پاکەتێک کاغەزی تەوالێتەوە دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا، دەنگێکی بەرز دەبیسترێت کە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی دەمانچەیەکی یاری منداڵان).

نیکۆلاس ئەگەر هەر ئێستا نەڕۆیت سەر جێگاکەت،ئەوە دیم بۆ گیانت یەک دوو شەقەزەڵەت لێدەدەم.

(زەنگی دەرگای پشتەوە جارێکی تر لێدەداتەوە. لوسی دەچێتە ژووری نووستن. وەستانێک، پاشان ڕۆزماری، ژنێکی تەنک و باریک، لە چێشتخانەکە دێتە دەرەوە).

ڕۆزماری: (بە نەرمی وشەرمەوە هاوار دەکات) واو واو!

لوسی: (لە ژووری نووستن دەگەڕێتەوە. وەک جاران ناونیشان دەدات) ئێستا بخەو، یەکسەر. (ڕۆزماری دەبینێت) ئای!

ڕۆزماری: سڵاو. پێم وابوو دەبێ لە ژوورەکەدا بیت.

لوسی: (بە سەرسوڕمانەوە) سڵاو؟

ڕۆزماری: پێم وابوو تۆ لە ماڵەوەیت.

لوسی: بەڵێ.

ڕۆزماری: سڵاو.

لوسی: سڵاو. (وەستان) تۆ کێیت؟

ڕۆزماری: ئەم گوشەیەم.

لوسی: چی؟

ڕۆزماری: من دراوسێی تۆم. خاتوو ئۆتن. رزماري. بیرت دێ؟

لوسی: (بە سەرلێشێواو) ئای بەڵێ. سڵاو.

ڕۆزماری: سڵاو. دوو جار لە درگاکەم دا. بەڵام دیارە کەس نەیبیست ...

لوسی: نەخێر. من زۆر گرنگی بە زەنگەکە نادەم.

ڕۆزماری: ئای.

لوسی: دەستم گیرا بوو.

ڕۆزماری: ئای تێگەیشتم. مەبەستت لەم منداڵانەییە؟ چەند دانەن؟

لوسی: خراپ نییە.

ڕۆزماری: چۆنی؟حاڵت باش نییە؟

لوسی: بەڵێ.

ڕۆزماری: شوکر. سێ منداڵت هەیە،وانییە؟

لوسی: بەڵێ.

ڕۆزماری:دیسانەوە پێموایە پێویستە کاتەکە بە باشی بەسەر ببرێت.

لوسی: من بژاردەی زۆرم نییە.

ڕۆزماری: بەڵێ.

لوسی: باشە.

ڕۆزماری: ئای بێزار مەبە، ئەگەر دەتەوێت بچیتە شوێنێک ...

لوسی: نەخێر.

ڕۆزماری: ئا..نامهەوێت بێزارتان بکم ،مەبەستم ئەوەیە ئەگر ویستت بخەویت.

لوسی: بخەوم؟

ڕۆزماری: (ئاماژە بە جلی لوسی دەکات) ئەم جلە ...

لوسی: ئای نەخێر، ئەمڕۆ جلەکانم نەگۆڕی، ئەوە تەنها هوویەکەێتی وبس

ڕۆزماری: ئای تۆ نەخۆش نیت؟

لوسی: نەخێر.

ڕۆزماری: ئای.

لوسی: من بە هیچ شێوەیەک نەمدەویست بچمە هیچ شوێنێک.

ڕۆزماری: باشە ...

لوسی: چەند هەفتەیەکە نەچوومەتە هیچ شوێنێک.

ڕۆزماری: جێگەی داخە.

لوسی: پێم وایە چەند هەفتەیەکە جلەکانم نەگۆڕیوە.

ڕۆزماری: ئای. نەخێر. باش. دەبێ بڵێم تۆمان نەبینی. نەک ئەوەی وامانزانی چاومان لەسەر تۆیە، نەخێر تۆمان نەبینیوە.

لوسی: ڕاست دەکەیت. دەتەوێت دابنیشیت؟

ڕۆزماری: ئای سوپاس. تەنها چەند ساتێک. لوسی ئەگەر بتوانی شوێنێک بدۆزیتەوە.

(ئامێرێکی یارییەکی سەیر دەردەهێنێت)

ڕۆزماری: (دادەنیشێت) بەڵێ. من نیگەران بووم کە بەڕاستی نەخۆش کەوتبیت. من و هاوسەرەکەم - تێری، ئەوە هاوسەرەکەمە - ئەو تێگەیشت کە ماوەیەکە تۆمان نەبینیوە.

لوسی: ڕاست دەکەیت.

ڕۆزماری: بێگومان گوێمان لە دەنگی منداڵەکان دەبۆ. بە دڵنیاییەوە؛ هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە بڵێین نەک گلەیی بکەن، دەمانتوانی دەنگیان ببیستن بەڵام نەمانتوانی ئێوە ببینین.

لوسی: ڕاست دەکەیت.

(لە کاتی گفتوگۆکەدا لوسی یاری جۆراوجۆر هەڵدەگرێت و لە ژووری  منداڵان دایاندەنێت)

**ڕۆزماری: یان هاوسەرەکەت.**

**لوسی: ڕاست دەکەیت.**

**ڕۆزماری: پاشان بە تێریم گوت، ئەگەر پێویستیان بە ئێمە بێت، تەنها دەبێت بیانەوێت و داوا بکەن. ئەوان دەزانن ئێمە لە کوێین. ئەگەر بیانەوێت خۆیان لە خەڵک بشارنەوە، بەڕای ئێمە هیچ کێشەیەک نییە. من دەڵێم، هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەو قەڵغانە گەورەیە دادەنێن تا بتوانن خۆیان لە خەڵک بشارنەوە. بەڕای ئێمە هیچ کێشەیەک نییە.**

**لوسی: زۆر باشە.**

**ڕۆزماری: دە خولەک پێش ئێستا بۆ ژمارەی ئێرە تەلەفۆنەکەمان کرد**

**لوسی: ژمارەی تەلەفۆنەکە ئێرە؟!!!**

**ڕۆزماری: بەڵێ. تێری وەڵامی دایەوە - ئەوە هاوسەرەکەمە - و دەڵێن تۆ تێچووی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە تەلەفۆنێکی گشتی لە «میدلبۆرۆ» قبوڵ دەکەیت و تێری دەڵێت. ئەلۆ، زۆر بێمانایە، دەڵێت لە «میدل برۆ» کێ دەناسین و منیش وتم، بە داخەوەم تەنانەت بۆ جنۆکەیەک، و دەڵێت،بێمانایە، تێری دەڵێت، ئەو کێیە؟ چۆن بزانین کە دەیناسین؟ ئەگەر نەیناسین، نامانەوێت پارە بەفیڕۆ بدەین لە قسەکردن لەگەڵیدا، بەڵام ئەگەر نەیناسین، لەوانەیە باری نائاسایی بێت، و ناتوانین بۆ ساتێکیش بخەوین. وە ئۆپەراتۆرەکە دەڵێت، باشە، بڕیار بدە، قسە بکە یان تەلەفۆنەکەت دابخە، ئەوە بۆ من گرنگ نییە - بۆیە قسەمان کرد و ئەوەی ئولا هاوسەرەکەت بوو.**

**لوسی: هاری؟**

**ڕۆزماری: هاری، بەڵێ. ئاغای کۆمپیتۆن.**

**لوسی: چی دەویست؟**

**ڕۆزماری: تۆی دەویست.. نیگەران بوو. چەند ڕۆژێک تەلەفۆن دەکات. داوای کردبوو پێداچوونەوە بە هێڵی تەلەفۆنەکەدا بکەن، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو.**

**لوسی: ئای.**

**ڕۆزماری: تەلەفۆنی نەکرد؟**

**لوسی: ڕەنگە. من زۆر گرنگی بە زەنگی تەلەفۆن نادەم.**

**(خۆی بۆ سەردانی منداڵەکان ئامادە دەکات)**

ڕۆزماری: ئای. بەهەر حاڵ وا دیارە زۆر نیگەران بیت. هەر بۆیە بە خۆمم گوت

با زوو بێین و دڵنیابین. ژمارەکەیم وەرگرت بۆیە ئەگەر بتەوێت...

(دیارە لوسی گوێ ناگرێت)

ڕۆزماری: چۆنی؟حاڵت باشە؟

لوسی: بەڵێ ،من سەرنجی  نیکۆلاسم دەدا.

ڕۆزماری: ئای بچووکەکەت؟

لوسی: نەخێر.

ڕۆزماری: (بە دڵسۆزیەوە) ئای.

لوسی: ببورە.ڕەفتارم زۆر بێ ئەدەبە.  لەبەر ئەوەیە کە چەند ڕۆژێکە لەگەڵ کەس قسەم نەکردووە. هاوسەرەکەم زۆر لە ماڵەوە نامێنێتەوە.

ڕۆزماری: من بە تەواوی تێدەگەم. دەتەوێت ژمارەکەی هەبێت؟

لوسی: چی؟

ڕۆزماری: ژمارەی هاوسەرەکەت لە"میدڵ برۆ"دەوێت ؟ وتی چاوەڕێی پەیوەندییەکەتە . لە هۆتێلێکەوە تەلەفۆنی دەکرد.

لوسی: نەخێر نامەوێت.

ڕۆزماری: ئای.

لوسی: هەرچییەک بیەوێت بیڵێت، پێویستە رووبەروو پێم بڵێت یان بەهیچ شێوەیەک نەیڵێت.

ڕۆزماری: ئاە. (بە وریاییەوە پارچە کاغەزەکە لەسەر مێزەکەی بەردەمی دادەنێت) باشە، بەهەر حاڵ لەوێیە.

لوسی: حەزت لە خواردن یاخۆاردنەوە هەیە؟

ڕۆزماری: خۆاردنەوە؟ئای ئێستا کاتژمێر چەندە؟ باشە،نازانم چی بڵێم.تازە نیو کاتژمێری لێ لاداوە، ئەها بەڵی.  باشە بۆ نا؟  بەڵێ.تکایە بۆچی نا؟  پەرداخێک

لوسی: پرتەقاڵ یان لیمۆ؟

ڕۆزماری: ببورە تێنەگەیشتم؟

**لوسی: ئاوی پرتەقاڵ یان ئاوی لیمۆ؟ یان دەتوانیت داوای شیر بکەیت.**

**ڕۆزماری: ئای،تێگەیشتم،پێم وابوو مەبەستت...**

**لوسی: پێم بڵێ. پرتەقاڵ یان لیمۆ؟ من چاوەڕێم.**

**ڕۆزماری: ئایا دەکرێت هەندێک قاوەم بۆ بهێنیت؟**

**لوسی: نەخێر.**

**ڕۆزماری: ئای.**

**لوسی: دەمەوێت بەئاگایی وهۆشیارتان بهێڵمەوە. ئاوی پرتەقاڵت بۆ دەهێنم. بۆ تۆ باشترە.**

**ڕۆزماری: ئای...**

**لوسی: (لەکاتی ڕۆشتندا)بە هێمنی دانیشە.لێرەدا مەگەڕێ. دوای یەک خولەک دەگەڕێمەوە.**

**(لوسی دەچێتە ناو چێشتخانەکە. ڕۆزماری بە بێ ئارامییەوە دادەنیشێت. دوای ساتێک هەڵدەستێت، بە تاوانەوە سەیری چێشتخانەکە دەکات و دووبارە دادەنیشێت. لە دەرگاکە دەدرێت، ڕۆزماری بەرەو چێشتخانەکە دەڕوانێت. هیچ نیشانەیەکی لوسی نییە. جاریەکێکی تر لە دەرگاکە دەدرێت، ڕۆزماری بە دوودڵیەوە هەڵدەستێت.)**

**ڕۆزماری: (بانگ دەکات)خانم گیان... ئەە...**

**لوسی: (لە چێشتخانە) چاوەڕوان بە، چاوەڕوان بە، چاوەڕێ بە! ئەوە من دێم...**

**(دیسان دەنگی دەرگاکە دەبیسترێتەوە. ڕۆزماری دەچێتە بەردەرگای پێشەوە(لە دەرگای چوونە ژوورەوە). لوسی لە چێشتخانەکە بە پەرداخێک ئاوی پرتەقاڵەوە دەگەڕێتەوە ).**

**لوسی: فەرموو ڕۆزماری، من...**

**(ژوورەکە بە چۆڵی دەبینێت. بە دەوری خۆیدا دەڕوانێت و بە سەرسوڕمانەوە بانگ دەکات) ڕۆزماری! لەسەر مێزەکە دایدەنێم**

**(لوسی ئاوی پرتەقاڵەکە دەخاتە سەر مێزە بچووکەکە و دەچێتەوە چێشتخانەکە).**

**(ڕۆزماری لەگەڵ ئاغای تێری، پیاوێکی کەم تا زۆر خەپەو قەڵەوە،کەپیجامەی لەبەردایە لە کۆریدۆرەکەوە دەگەڕێنەوە ژوورەکە.)**

**ڕۆزماری: (بە دەنگێکی نزم) خێرا وەرە.**

**تێری: من سەیری تەلەفزیۆن دەکەم.**

ڕۆزماری: تەنها خولەکێک.

تێری: تێناگەم بۆ کوێ دەچیت. سەیرکە،تەنها ئەوەندە دەبوو ژمارە تەلەفۆنەکەی پێ بدەیت.و تەواوو

ڕۆزماری: دەمەوێت تۆش ببینیت. بزانە چیت بە مێشک دەگات و ڕات چییە. پێم وایە حاڵی باشە.

تێری: مەبەستت چییە؟دەتەوێت چی بڵێیت؟

ڕۆزماری: وا دیارە کە...

تێری: نەخۆشە؟

ڕۆزماری: نازانم...

تێری: باشە یان نەخۆشە یان نەخۆش نییە.

ڕۆزماری: شش –

(لوسی لە چێشتخانە دێتەوە و قاپێک بسکوئیت بە دەستەوەیە.)

لوسی: فەرموو. (تێری دەبینێت.) ئاه.

تێری: ئێوارەتان باش.

لوسی: سڵاو.

ڕۆزماری: هاوسەرەکەم،

لوسی: تێری، بەڵێ؟

تێری: بەڵێ.

لوسی: ناوێکی جوانە؛ وا نییە؟ (ئاماژە بە کورسییەکە دەکات) فەرموو لەوێ دانیشە. ئاوی پرتەقاڵەکەت خواردەوە ڕۆزماری؟ (تێری دادەنیشێت)

ڕۆزماری: بەڵێ سوپاس. (پەرداخی ئاوی پرتەقاڵەکە دەبات و دادەنیشێت)

تێری: ئاوی پرتەقاڵ؟

ڕۆزماری: بەڵێ.

تێری: ئەمە بۆ چی دەخۆیتەوە؟

ڕۆزماری: من حەزم لە ئاوی پرتەقاڵە.

لوسی: باشە هەی لێرە زۆر کولێرەی چیپسی شوکولاتە هەیە، بەڵام پێویست ناکات هەموویان بخۆیت. متمانەم پێت هەیە (دوبارە دەست دەکاتەوە بە ڕێکخستنی شتەکان)

ڕۆزماری: (دوای پێشوازیکردن لە لوسی) زۆر باشە. (بە جوڵاندنی لێوەکانی بە تێری دەڵێت "شتێک بڵێ")

تێری: بەڵێ. باشە چۆنیت، ئی- ببورە، لەبیرم دەچێتەوە. لێسلی، بەڵێ؟

لوسی: خاتوو کۆمپتۆن.

تێری: بەڵێ. خاتوو کۆمپتۆن. تۆ چۆنیت؟

لوسی: باشم، سوپاس تێری. سوپاس

تێری: هاری چۆنە، ئاغای کۆمپتۆن؟

لوسی: زۆر باشە. دوایین جار کە بینیم. ڕۆزماری بەڕێز هەوڵبدە کاتێک شتێک دەخۆیت دەنگە دەنگ وملّچ ملّچ دروست نەکەیت.

ڕۆزماری: ببورە...

تێری: بەڵێ من تەنها دەمگوت وا دیارە کاری هاوسەرەکەت وا دەکات زۆر گەشت بکات.

لوسی: بەڵێ. (دەست دەکات بە تاودانی جل و بەرگی کۆنی منداڵان)

تێری: پێموایە ئەوەندەی حەزی لێیە نایەتەوە ماڵەوە.

لوسی: من ئەوە نازانم.

تێری: بەڵام هەمووان جۆرێک کێشەمان هەیە. بۆ نموونە من هەموو شەوێک ڕێک کاتژمێر شەش لە ماڵەوەم. ئەو بەم شێوەیەی دەوێت. من کێم...؟ (وەستان) بەڵێ، پێم وایە. هەندێک جار زۆر ئیرەییم بە مێردەکەت دەبرد. بۆ ئەوەی دەچێتە ئێرە و ئەوێ. مەبەستم ئەوەیە کە بیری لێدەکەیتەوە زۆر سروشتییە، بۆ پیاو. شێوازی ژیانی سروشتی ئەوە. گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆن. ژنەکە لە ئەشکەوتەکەدا دەمێنێتەوە، پیاوە ڕاوچییەکە گەشت دەکات؛ با ئەمەیش بڵێین، پێموایە. ڕاوکردن بۆ خواردن بیرۆکەی پیاوێک بوو. ڕاوکردن لەم ڕۆژانەدا جیاوازە، هەمم؟

ڕۆزماری: (بە هێس) تێری!

تێری: دەبێ لەم ڕۆژانەدا بەدوای شتێکی تەواو جیاوازدا بگەڕێیت، هەمم؟ (سەری دەجوڵێنێت و چاو دەتروکێنێت)

**لوسی: واز لە بێ عەقڵانی بێنە تێری.**

**تێری: چی؟ ئۆی ببوورە.**

**(وەستان. تێری بە ژاوەژاو بسکویتێک دەجوێت. ڕۆزماری ئاوی پرتەقاڵەکەی دەخواتەوە)**

**ڕۆزماری: ئاوی پرتەقاڵەکە زۆر بە تامە؟!!**

**لوسی: پڕە لە ڤیتامین C.**

**تێری: نەخێر، من نەمدەویست لەو بارەیەوە دەم بە خراپە دابنێم و تۆش نارەحەت بیت. بەڵام بەجدی ویستم بە ڕۆزماری بڵێم کە ناتوانی پیاوێک بخەیتە ناو قەفەسێکەوە. ئێوەش هەمان کار دەکەن، لەناوتان بردووە. ئایا لە مەبستم تێگەیشت؟**

**لوسی: ئەوە بۆ ژنانیش ڕاستە، بە دڵنیاییەوە ڕاستە، نە؟**

**ڕۆزماری: بەڵێ ڕاستە.**

**تێری: مەبەستت چییە، بە تەواوی ڕاستە؟**

**ڕۆزماری - باشە...**

**تێری: لە ماڵەوە ئەوەندە دڵخۆش نیت؟**

**ڕۆزماری: بەڵێ، بەڵام، بەڵێ، بەڵام...**

**تێری: باشە کەواتە ئەوەیە کە من دەیڵێم. تۆ یەکێکیت لەو ژنانەی کە لە ماڵەوە بە ڕادەیەکی پێویست دڵخۆشیت و ئاگاداری ئەم بابەتەیت. من یەکێکم لەو پیاوانەی کە دەبێت لە دەرەوەی ماڵ لێرە و لەوێ بم.**

**ڕۆزماری: من لەم بابەتە تێناگەم...هەرگیز لە ماڵ دەرناچیت مەگەر پێت بڵێم.**

**تێری: مەبەستت چییە؟ من بە درێژایی ڕۆژ لە دەرەوەم.**

**ڕۆزماری: تەنها لەبەر ئەوەی دەبێت بچیتە دەرەوە. ئەگەر پێویست نەبووایە نەدەچوویتە دەرەوە. کاتێک ناچیت لە ژوورەکەدا دادەنیشیت، هەمیشە پشوو دەدەیت.**

**تێری: لە پشوودان ڕێگریم لێ مەکە.**

**ڕۆزماری: من ڕێگری ناکەم**

**تێری: بۆ؟ تو دەیکەیت،ئێستا تۆ خۆت وتت...**

ڕۆزماری: سەیرکە، شەڕ دەست پێ مەکە. بە هیچ شێوەیەک نامەوێت شەڕ بکەم ،هەست بە شەڕ ناکەم.

تێری: هەمم؟

ڕۆزماری: ببورە.

لوسی: تێری، تۆش حەزت لە پەرداخێک ئاوی پرتەقاڵ هەیە؟ ئایا شەڕەکە لەسەر ئەمەیە؟

تێری: ئەه... - ئای نەخێر - من زۆر حەزم لەم خواردنەوانە نیە، ئەگەر بزانیت مەبەستم چییە (چاو دەڕوانێت، پاشان دەست بۆ بسکیتەکە دەبات) بەڵام یەکێکی تر لە مانە هەڵدەگرم، ئەگەر ئیزعاجت نەبێت ؟

لوسی: ڕاوەستە چەندت خواردووە؟

تێری: ئەوە دووەمیانە، باوەڕ بکە دووەمیانە.

لوسی: باشە ،هیچ. لەوە زیاتر نابێت. هەندێک شیرت بۆ دەهێنم. باشترە شتێک بخۆیت  کە بۆ ئێوە گونجاوە..

تێری: (نیوە وەستاوە) ئای نەخێر، سوپاس، شیر نا، نەخێر.

لوسی: (دەچێتە مەتبەخ) چاوەڕێ بە، هەڵمەسێ.(تێگەیشتووە کە تێری نیمچە ڕاستە)

وە  تێری بەڕێز  لەکاتی نانخواردندا سەیری دەوروبەرت مەکە.

(لوسی دەچێتە ناو چێشتخانە)

تێری: ڕاست دەکەیت، ژنێکی نامۆیە.

ڕۆزماری: وتم وایە.

تێری: سەیر نییە پیاوەکە دەڕوات.

ڕۆزماری: ڕەنگە هەر بۆیە سەیر بێت.

تێری: بۆ؟

ڕۆزماری: چونکە دەرچووە.

تێری: ئەوە شتێکی بێمانایە. ئێمە ڕێگە بە کەمتر لەمە نادەین، ئەگەر ئێوە ئیزعاجتان نەبێت.

ڕۆزماری: چی؟

تێری: هەموو شتێک لەبارەی منەوە لە ماڵەوە دزە دەکاتە دەرەوە.

ڕۆزماری: ڕاستە.

تێری: ئەوە ڕاست نییە و وا دەکات تەمبەڵ و بێ شەرم دەربکەوم.

ڕۆزماری: من تازە وتم...

تێری: ئەگەر ڕاستیش بێت، مافی ئەوەت نییە لەبەرچاوی کەسانی تر هیچ بڵێیت.

ڕۆزماری: ئای، ئەگەر ڕاستگۆ بم تێری، تۆ زۆر دڵ ناسکیت. لەم ڕۆژانەدا ئیتر ناتوانم یەک وشەی حەق بڵێم، ئەی دەتوانم؟

تێری: زۆر کەم. ئێستا ئاگادار کردنەوە وبیرخستنەوەکەم لەبیر بکە.

ڕۆزماری: هەمووی گلەیی وکێشە ، گلەیی، گلەیی. تۆ بەردەوام گلەیی دەکەیت. لەم ڕۆژانەدا دەترسم دەم بکەمەوە. نازانم بۆچی لەم دواییانەدا ڕەفتارێکی سەیر دەکەیت. لەو ساتەوەی هەڵدەستیت تا ئەو کاتەی دەخەویت،....

تێری: باسی چی دەکەیت؟

ڕۆزماری: هاوارکردن و نالەکردن وقیژە قیژ

تێری: ئای بێدەنگ بە!

ڕۆزماری: لەم ڕۆژانەدا کات بەسەر بردلەگەڵ تۆدا کارەساتێکە. بەڕاستی تۆ کارەساتی.

تێری: وتم، بێدەنگ بە!

ڕۆزماری: (نەرمتر) دەمەوێت هەندێک جار بچیتە دەرەوە بۆ شوێنێک - بەڕاستی دەمەوێت.لە خود دپارێمەوە

تێری: وامەکە، پێت بڵێم، هەندێک جار دەمەوێت خوێن بەپاکەم.

ڕۆزماری: (بە گریانەوە) ئای بێ ڕەحم ...

تێری: ئەگەر پێت وایە من هەموو شەوێک چێژ لە دانیشتن و سەیرکردنت وەردەگرم ... (کولێرەکە فڕێ دەدات) من ئەم کۆفتییە بۆ چی دەخۆم - تۆ هەڵەیت. (بەهۆی خواردنی بسکیت تینوویەتی زاڵ دەبێت. پەلاماری ئاوی پرتەقاڵەکەی ڕۆزماریدەدات و دیخواتەوە)

ڕۆزماری: ئەمە هی منە، ئاگاداربە (هەڵدەستێت وپێ بە زەویدا دادەدا)

تێری: وازی لێ بێنە.هەستە با بروین(هەڵدەستێتەوە)

ڕۆزماری: ئەوە ئاوی پرتەقاڵەکەم بوو، تۆ تەواوت کرد. (لوسی بە پەرداخێک شیرەوە دەگەڕێتەوە)

لوسی: ئێستا بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ (ڕۆزماری دادەنیشێت)

تێری: دەبێت ئێستا بچینەوە. من داوای لێبوردن دەکەم.

لوسی: تا شیرەکە تەواو نەکەیت ناڕۆیت. دانیشە

تێری: گوێ بگرە، ببورە، دەبێت...

لوسی: (سەرنجی دۆخی پەرتەوازەیی ڕۆزماری دەدات) ڕۆزماری چی بووە؟

ڕۆزماری: (لوتی هەڵدەگرێت) هیچ...

تێری: هیچ نییە.

لوسی: چیت کرد؟

تێری: هیچ نییە.

لوسی: فەرموو دانیشە...

تێری: سوپاس.

لوسی: تۆ مافی ئەوەت نییە ئەم کارە بکەیت.

تێری: من شیرم ناوێت.

لوسی: ئازارم مەدەن.

تێری: ڕقم لەم زبڵە نەفرەتییە .

لوسی: گیانم تێدا نییە لەگەڵ تۆ موناقەشە بکەم تێری. ئەوە لای تۆیە کە بتەوێت گەورە و بەهێز بیت.

تێری: باشە سەیرکە...

لوسی: ئەگەر دەتەوێت لاواز بیت، ئەوە هەر لەسەر تۆیە. تەنها کاتێک نینۆکەکانت دەکەونە خوارەوە بە گریانەوە مەیێنەوە بۆ لام. باشە ئێستا ڕۆزماری. با بێمەوە لای تۆ (پەرداخەکە شیرەکە دادەنێت و بسکویتەکە دەبات) حەزت لە بسکیتی شوکولاتە؟

ڕۆزماری: نەخێر سوپاس.

لوسی: وەرە کولێرەی بە تامە، سەیرکە شیری شوکولاتە.

ڕۆزماری: نەخێر ڕاستی دەڵێم.

تێری: ڕۆزی، دەتەوێت بچینەوو یان نا؟

لوسی: باشە بخۆ، پاشان لووتت بگرە و بخۆوە، چ شتێکی باشە. (سەیری شووشەکە دەکات) ئای هیچ نەماوە. تۆ بە یەکجار هەمووی خوارد، ها؟

ڕۆزماری: من نەمخوارد. ئەو خواردی.

لوسی: چی؟

ڕۆزماری: خواردی.

لوسی: تێری ئاوی پرتەقاڵەکەت خواردەوە؟

تێری: سەیرکە، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەیە کە دەمەوێت سەیری بکەم...

لوسی: ئاوی پرتەقاڵ ڕۆزماریت خواردوتەوە؟

تێری: سەیرکە، شەو باش...

ڕۆزماری: بەڵێ ئەو خواردی.

لوسی: باشە، پێموایە ئەوە بەڕاستی خۆپەرستییە.

ڕۆزماری: هەرچی بیەوێت دەیکات.

لوسی: بەڕاستی خۆپەرستییە.

ڕۆزماری: هەرگیز داوای مۆڵەت ناکات.

تێری: من دەڕۆم.

لوسی: پێش ئەوەی بچیت پێویستە داوای لێبوردن لە ڕۆزماری بکەیت.

تێری: شەوتان باش. (دەچێتە دەرەوە)

لوسی: (بۆ ئەو) تۆ تا ئامادە نەبیت داوای لێبوردن بکەیت مافی گەڕانەوەت نییە.(بۆ ڕۆزماری) پشتگوێی بخە. با بڕوات. دەگەڕێتەوە

ڕۆزماری: ئەوە تەنیاڕێگایە بۆ قسەکردن لەگەڵی.

لوسی: چی؟

ڕۆزماری: پێویستە زۆربەی کات بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ بکەیت.

لوسی: ببورە. من تەحەمولی ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە کەس ناکەم.

ڕۆزماری: ئێستا چەند ڕۆژێکە ئم جورەیە.

لوسی: باشە با وا بێت. خۆ ئێمە نیگەران ناکات، ها؟

ڕۆزماری: نەخێر. تەنها هەندێک جار ڕوودەدات - هەندێک شت ناتوانرێت هیچی بۆ بکەیت - دواتر شەوانە دێتەوە - و بە پەڕە و پێیمدا دەپێچێت... (دەگری) ئای ئازیزم - زۆر داوای لێبوردن دەکەم، نەمدەویست ئەمە ڕووبدات.

لوسی: (بە خۆشەویستییەوە) بس کە، وازی لێ بێنە...باش

ڕۆزماری: ئەگەر من بواییم هەرگیز ئەمەم نەدەکرد. داوای لێبوردن دەکەم...

لوسی: باش دەبێت. هێی هێی

ڕۆزماری: ببورە (هێشتا دەگری)

لوسی: سەیرکە کێ سەیری تۆ دەکات.

ڕۆزماری: کێ؟

لوسی: (بووکەڵەیەک هەڵدەگرێت) ئاغای پادێل. ئاغای پادێل سەیری تۆ دەکات (بوکەڵەکە بەرز دەکاتەوە) خۆ تۆ ناتهەوێ ئاغای پادێل بتبینێت کە دەگریت، هەمم؟ تۆ دەتەوێ؟

ڕۆزماری: (دڵنیا نییە) نەخێر...

لوسی: ئێمەش نامانهەوێ ئاغای پادێل، وا نییە؟ (سەری بووکەڵەکە دەهەژێنێت وەک نیشانەی نکۆڵی) دەڵێت نەخێر نەخێر واز لە گریان بێنە ڕۆزی. واز لە گریان بێنە ڕۆزی.باشە،باش (ڕۆزماری بە شەرمەوە پێدەکەنێت)

لوسی: باشتر بوو. ئایا ئەو پێکەنینە نۆقڵی نەبوو ئاغای پادێل؟ دم نۆقڵی بوو؟ (لوسی بووکەڵەکە بۆ ئەولا و ئەولا دەجوڵێنێت، لە دەموچاوی ڕۆزماری نزیکی دەکاتەوە و دووری دەخاتەوە)

لوسی: پێنەکەنی؟ پێکەنینت؟ ئاها پێکەنینت؟ (ڕۆزماری بێ کۆنترۆڵ پێدەکەنێت)

(تێری لە کۆریدۆرەکەوە دەێتە ژوورەوە و بە سەرسوڕمانەوە دەمێنێتەوە.)

تێری: ئەه... (لوسی و ڕۆزماری ئاگاداری بوونی دەبن)

تێری: ئەه... من لە پشت دەرگاکە مامەوە.

لوسی: هاتووی بۆ داوای لێبوردن؟

تێری: کلیلێکت هەیە ڕۆزی؟

ڕۆزماری: بەڵێ.

تێری: بیدە بە من.

لوسی: نا تا داوای لێبوردن نەکەی.

تێری: سەیرکە، من داوای لێبوردن لە کەس ناکەم - تەنها کلیلەکەم دەوێت تا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم، ئەگەر تۆ ئیزعاجت نەبێت. باشە ؟.

ڕۆزماری: (کلیلەکە لە جانتاکەی دەردەهێنێت)ها بیبە.

لوسی: ڕۆزماری،؟!!! بوێریت هەبێت.... کلیلەکەی پێ مەدە.

تێری: ڕۆزی.

لوسی: ڕۆزماری.

ڕۆزماری: (نارەحەت) ئەە...

لوسی: (زۆر فێڵبازانە) ڕۆزماری، ئێستا ئەو کلیلەم پێ بدە .

(ڕۆزماری کلیلەکە دەداتە لوسی. تێری چاو لە لوسی دەکات)

تێری: تکایە دەتوانیت کلیلی دەرگای پێشەوەم پێ بدەیت؟

لوسی: بەڵی، دڵنیابە.

تێری: زۆر سوپاس.

لوسی: هەر کە داوای لێبوردنت لە ڕۆزماری کرد.

تێری: وتم، من داوای لێبوردن لە کەس ناکەم.

لوسی: کەواتە ناتوانی بگەیتە کلیلەکە.

تێری: باش گوێ بگرە، هەندێک کاری ڕۆژانەم هەیە کە دەبێت تا سبەی تەواو بکەم. نەفرەت لە من ئەگەر بمەوێت بچم یاری لەگەڵ کەسانی بێسوود بکەم...

ڕۆزماری: تێری...

لوسی: گرنگی پێ مەدە ڕۆزماری، تەنها قسە دەکات.

تێری: دەتەوێت ئەو کلیلەم پێ بدەیت یان نا؟

لوسی: نە  تا ئەو کاتەی داوای لێبوردن نەکەی.

تێری: ئای سوێند بە هەرکەسێک... (بە ڕۆزماری) زۆر داوای لێبوردن دەکەم.

تێری: زۆر باشە، دەبێت بێم و بە زۆر لە دەستت دەربهێنم. ئایا بێیم

لوسی: تاقی بکەرەوە. ئەگەر بوێریت تاقی بکەرەوە کوڕم!

تێری: زۆر باشە. (بەرەو لوسی دەڕوات)

ڕۆزماری: تێری...

لوسی: وەرە پێشێ جا بزانە چی ڕوودەدات.

تێری: (تۆنی لوسی ڕێگری لێدەکات، دڵنیا نیم) من گاڵتە ناکەم.

لوسی: منیش گاڵتە ناکەم.

تێری: سەیرکە، نامەوێت... کلیلەکەم پێ بدە، خانمێکی باش بە...

لوسی: نا... تا تۆ داوای لێبوردن لە ڕۆزماری نەکەی.

تێری: ئای سوێند بە هەرکەسێک... زۆر باشە. (بۆ ڕۆزماری) ببورە.

لوسی: بە جوانی بیڵێ.

تێری: زۆر داوای لێبوردن دەکەم ڕۆزی ئێستا کلیلەکەم پێ بدە. بۆ خاتری خوا

لوسی: کاتێک شیرەکەت خۆارد. دانیشن و شیرەکەت بخۆ.

تێری: ئای باوکە،... (دادەنیشێت)

لوسی: ئەوە باشتر بوو.

تێری: ڕقم لە شیرە.

لوسی: بیخۆ.

(تێری ڕوخسار دەبڕێت و شووشەکە دەبات. ڕۆزماری کە لە چاوی لوسی شاراوە،

زمانی بۆ تێری دەجوڵێنێت.

تێری بە توندی شووشەکە دەخاتە خوارەوە و هەڵدەستێت بۆ ئەوەی لە ڕۆزماری بدات.)

لوسی: تێری!

تێری: زمانی بۆ من دەرهێنا.

لوسی: دانیشە.

تێری: بەڵام ئەو...

لوسی: دانیشە! (تێری دادەنیشێت و ڕوخساری ڕوخسار دەبڕێت. ڕۆزماری زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات).

لوسی: (ڕۆزماری دەبینێت) ڕۆزماری مەکە . ئەگەر دۆخەکە بگۆڕێت، تۆش وەک ئەو خواردنەوەیەک دەخۆیتەوە. بۆیە ڕاست دانیشە و پشتەتیش کۆر مەکەوە.

(ڕۆزماری ئەمە دەکات)

تێری: (شیر دەخواتەوە) ناخۆشە. (بێدەنگی. قووتێکی تر دەدات) گەرمە. (بێدەنگی. قووتێکی تر) دەزانی یارییەکی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە تیڤی نمایش دەکرێت.

لوسی: تا هەمووی نەخۆیتەوە هیچ کلیلێک نییە . وەرە ڕۆزماری یارمەتی تێری بدە شیرەکەی بخوات.«وەک گۆرانی» "کوڕیکی جوان و شیرین و شەربەتی کچەکانی خواردوە ...؟"

ڕۆزماری: "ئەوانی کردە گەریان."

لوسی: ئافەرین.

ڕۆزماری و لوسی: (پێکەوە) کاتێک کوڕەکان هاتن بۆ یاری ، کوڕیکەی خەپە وخڕپن ڕایکرد تاگەیشتە ئەوان.

تێری: (بە یەک قووت، تەواوی ناوەڕۆکی شووشەکە تەواو دەکات) تەواو بوو.

لوسی: ئافەرین کوڕێ باش.

تێری: تکایە دەتوانی کلیلەکەم بدەیت؟

لوسی: پێم بڵێ. (تێری دەچێت کلیلەکە دەگرێت) تۆ چی دەڵێیت؟

تێری: سوپاس.

لوسی: زۆر باشە. جا ئەو جار  هەردووکتان بروون.

ڕۆزماری: (لوسی ڕوومەتی ماچ دەکات) شەوتان باش.

لوسی: شەوتان باش، شەوتان باش ئازیزم، شەوتان باش. شەو شاد

تێری: (ڕوومەتی لوسی ماچ دەکات) شەوتان باش.

لوسی: باش بخەون.خەوێکی خۆش

تێری: هیوادارم مێشوولەکان گازت لێ نەگرن.

لوسی: تێری دەستی ڕۆزماری بگرە. (تێری و ڕۆزماری دەستی یەکتر دەگرن) بە سەلامەتی بیگەیەننە ماڵەوە.

تێری: شەوتان باش.

ڕۆزماری: شەوتان باش.

لوسی: شەو لالا. (تێری و ڕۆزماری دەست بە دەست یەکەوە دەردەچن. لوسی ماچێکیان بۆ دەکات).

لوسی: (بە ئاهێکەوە) منداڵە پر کێشەکان. و شەریف (تەلەفۆنەکە زەنگی لێدەدات. لوسی لەکاتی تێپەڕبوونیدا تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت و دواتر وەک جاران دەیخاتەوە جێ. لە دوای گەڵ هەڵگرتنی تەلەفۆنە کە، ڕووناکی شانۆکە کاڵ دەبێتەوە و کیۆسکی تەلەفۆنەکە لە پاشبنەمادا بە گڵۆپێکی سپۆتەوە پیشان دەدرێت. "هاری". لە ناو کیۆسکی تەلەفۆنەکەدایە.وە تەلەفۆنی بە دەستەوەیە.

هاری: ئای بە نەفرەت بی. هەڵیگرە.... ئەڵوو...ئەڵوو، (لە کاتێکدا تەلەفونەکە لەرزێنێت) ئۆپەراتۆر؟ ئۆپەراتۆر؟ ... ئەڵوو...ئەڵوو... ئۆپەراتۆر... ڕەنگە ئەم هێڵە سەرقاڵی بێت،... ناتوانم ژمارەکە بەدەست بهێنم... بەڵێ - شەش، چوار، یەک، نەخێر. جێگەی دەستخۆشییە. ئەمە سێیەم جارە. من ڕاپۆرت دەکەم، تا ئێستا نەمتوانیوە پەیوەندی بە هاوسەرەکەمەوە بکەم... بەڵێ سوپاس بۆ هاوسۆزیتان. هەوڵ بدە شتێک بکەیت، هەمم؟ چونکە دەمەوێت ئەم پرۆسەیە بگەیەنمە دەسەڵاتی باڵا، بەڵێ دەسەڵاتی باڵا، چی؟ بێ تاوان... ئای لەبیری بکە. (تەلەفۆنەکە لە شوێنی خۆی دادەنێت) ئای خوایەگیان ( کیۆسکی تەلەفۆنەکە بەجێدەهێڵێت. لەگەڵ ڕۆشتنیدا ڕووناکی کاڵ دەبێتەوە).

## سەرچاوەکان


١. Alan Ayckbourn

٢. Theatre in the round

٣. Theatre of recyniation

٤. Theatrical